**کورتە وەڵام/13 بۆ خوازیارانی راپەڕینێکیتر**

**هەر من نا، زۆریتریش دەستیان لەم دەسەڵاتەی ئێستە شتوەو چارەسەر تەنیا لەراپەڕیندا ئەبییننەوە. ئەم بڕوایە رۆژلەدوایڕۆژ زیاتر تەشەنەئەکا، بێئەوی دیدێکی یەکگرتو، جۆرو ئەنجامی ئەو راپەڕینەی دیاریکردبێ!. ئاخر راپەڕین لە پێناوی راپەڕیندا، یابۆ گۆڕینی سیستمی فەرمانڕەوایی بەبێ دیاریکردنی سیستمێکی نوێ، وەک گۆڕینی دەسەڵاتی پاشایەتی لەئێران بەمەلاکان و لە ئیراک بەقاسم و قاسم بە بەئس و بەئس بەشیئەو شیئە بەدائشی لێدێ کەبۆ هەرکامێکیان ئەڵێین: هەزار رەحمەت لەکفندز!! کەواتە نابێ راپەڕین هەڕەمەکیبێ، یا دەموچاو بەدەموچاو یا دز بەجەردە گۆڕینبێ. راپەڕین ئەبێ بەبەرنامەو دیاریکردنی سیستمی دوای راپەڕینبێ. من لای خۆمەوە چارەسەر و سیستمێکم لە کورتە وەڵام/11و12دا پێشنیار کردوە بۆ لێدوان و رەخنە یا پەسندکرن. داواکارم ئەم دەسەڵاتەی ئێستە بەخۆیدا بچێتەوەو پەندێک لەو دەسەڵاتە ئاماژەبۆکراوانەی سەرەوە وەرگرێ، ئەگینا راپەڕین و رادان هەر روئەدا. بەهیواشم گۆڕینی دەسەڵات، بەڕاپەڕین، یا بەهەڵبژاردن، یا بەهەر رێگەیەکیتر، لەئێستە یا ئایندەدا، هەڕەمەکی و بێ بەرنامەو بێ دیاریکردنی سیستمی فەرمانڕەوایی نەبێ و دیسان نەڵێین: رەحمەت لەکفندز!.**